



# کاتژمێرێکی هۆشمەند تایبەت بە منداڵان

تەکنەلۆژیا هەردەم لە پێشکەوتنندایە و هەر ڕۆژە ئامێرێکی نوێی دیجیتالی دەکەوێتە بازاڕەوە. ئێستا کە بازاڕی کاتژمێرە سمارتەکان گەرمە، کاتژمێرەکان بە زۆری تایبەتن بە گەوران و هەتا کۆمپانیای شیائومی کاتژمێرە نوێیەکەی تایبەت بە منداڵانی بەرهەم نەهێنابوو، جیهانی منداڵان لەو بوارەوە بۆشایی هەبوو..

کۆمپانیای شیائومی کاتژمێرێکی هۆشمەندی تایبەت بەمنداڵان بەناوی xiaomi bunny بەرهەم هێناوە. لەو کاتژمێرەی منداڵانیش دا تایبەتمەندییەکانی وەك وای-فای، بلوتوس و جی پی ئێس هەیە. هەروەها دوگمەی SOS لەسەر کاتژمێرەکە هەیە ئەم دوگمەیە بۆ ئەوەیە کاتێك منداڵەکە هەستی بەوەی کرد بزر بووە شوێنی منداڵەکە بۆ دایك و باوك و سەرپەرشتیارانی ڕەوانە دەکات. جگە لەوەش سیمکارتیشی لەسەرە.

کاتژمێرەکە بۆ ئەوەی کێشی زۆر نەبێت و منداڵان ئازار نەبینن لە پلاستیکێکی سووك دروستکراوە و کێشەکەی تەنیا ٣٧ گرامە و دوو ڕەنگی شین و پەمەیی هەیە و کاتژمێرەکە بە ئاسانی لەگەڵ مۆبایلە ئەندرۆیدەکان پەیوەند دەدرێ.




# ئایفۆن بە ئاسانی دەبێتە کامێرایەکی پیشەیی

کەم مۆبایل هەیە کە کامێرای لەسەر نەبێت نەك کامێرایەك بەڵکو دوو کامێرای پشت و پێشەوە.. زۆر لە مۆبایلەکان کامێراکەیان زۆر بەهێزە و کوالیتی وێنەگرتنیان بەرزە.. بەڵام وێنەگرتن بە کامێرای تایبەت چێژی تایبەتی هەیە و ئەوەی دەڵێن مۆبایل نابێتە کامێرا لە زۆرلایەنەوە راستە..

کۆمپانیایەك بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنێ کە دەکرێ مۆبایلیش وەك کامێرا بێت هاتووە ئامێرێکی بەناوی pictar بەرهەم هێناوە. ئەم ئامێرە مۆبایلی ئایفۆن بەتەواوی دەکاتە کامێرایەکی پیشەیی. وەك کەڤەرێك مۆبایلەکە دەچێتە ناوی و دوای و پایەی تایبەتی وێنەگرتنیشی هەیە.

دوگمەی تایبەت بە زووم و دوگمەی تایبەت بە روناکیش لەم کەڤەرەدا دەبیندرێ، جگە لەوەش دوگمەیەکی هۆشمەندی بەناوی smart wheel هەیە کە بەهۆیەوە دەکرێت ٧ حاڵەتی وێنەگرتن ببینی.

# ماوسێکی تایبەت به یاری ئەلکترۆنی

کۆمپانیای asos زۆرترین چالاکیەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی ئامیری ئەلکترۆنی تایبەت بە گەیم چڕکردۆتەوە، وەك لاپتۆپی تایبەت بەگەیم، دیسکتۆپی تایبەت بە گەیم و کیبۆرد و ماوسی تایبەت بە گەیم.. لەم دواییەدا ماوسێکی گەیمینگی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری ROG spatha ناسراوە. ماوسێك وەك چەکێك لە دەستی گەیمەرەکان...

ناوی ماوسەکەش لە شمشێرێکی ئەفسانەییەوە هاتووە. ماوسەکە وردبینی و خێراییەکی زۆری هەیە، جگە لەوەش ١٢ دوگمەی تایبەت بە پرۆگرام دانانی هەیە. چوارچێوەیەکەی لە ئەلەمینیومی تایبەت پێکهاتووە. شەش دوگمەی لەلای راست و شەش دوگمەی لەلای چەپ هەیە. دوگمەکانی تایبەت بە کلیکی دەگۆڕدرێن. ماوسەکە وایەرلەیسە و (داك)ێکی تایبەت بە شەحنکردنەوەی هەیە.



# بچووکترین سپیکەری جیهان

سپیکەر یا بڵندگۆ رەنگە وەك ئامرازێکی گرنگ سەیر دەکرێت بەڵام بۆ جیهانی گەنجان گرنگییەکی تایبەتی هەیە.. لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکاری زۆر بە سەر ئامێری سپیکەردا هات، سپیکەری جۆری beoplay A١ یەکێکە لەو سپیکەرانە تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە ئەوەندە بچووکە لە جزدانیشدا جێگای دەبێتەوە.. سپیکەرەکە بلوتوسیە، ئەگەرچی بچووکە بەڵام کاراییەکی زۆری هەیە. سپیکەرەکە لە مۆبایلە و تەبلێتەکان پەیوەند دەدرێ و خۆی لەکاتی پەیوەندیشدا مایکی هەیە و دەتوانی وەڵامی پەیوەندییەکانیش بدەیەوە. سپیکەرەکە شەحن دەکرێتەوە و هەتا شەو و رۆژێکیش شەحنەکەی دانابەزێت. گرنگترین بەشی ئەوەیە دەنگەکەیەتی، چونکە زۆر بەرزە و دوو دەنگی رەساسی و زیوی هەیە.





## کامێرایەکی تایبەت ب

چاخی بەستەڵەك ئەو سەردەمەیە کە لە زەویدا تەنیا بەفر هەبووە و بەس و هەموو شتێك بەستەڵەك بووە، کۆمپانیای کـۆداك کامێرایەکـی بەرهـەم هێناوە کە بە جـۆری Pixpro sp١ ناسـراوە و بە کامێرای تایبەت بە چاخی بەسـتەڵەکی دەناسـێنیَ، چونکـە لـە ژێر بەفریشـدا وێنـە دەگرێت... و

## ماسیگرتن لە جیهانی دیجیتالیدا

هەمـوو شـتێك بو بە دیجیتالی، زۆربـەی کردارەکانی رۆژانەمان بەدیجیتالـی کـراون.. یەکێـك لـەم شـتانە جیهانـی راوکـردن و راوە ماسییە.. قەت راوە ماسیتان کردووە، رەنگە چەند کاتژمێرێك قولاب لە ئاو بخەی و هیچ ماسییەکیش پێوە نەبیَ، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیە کە یا لەم شـوێنە ماسـی نییە، یان نەتزانیوە قولابەکە بۆ کویَ باوێی.

ibobber ئامێرێکـی دیجیتالییـە کـە بـە کۆتایـی قولابەکـەوە گرێدەدرێت و بەهۆیەەو دەزانرێت کە ماسی لە کوێی بەشی ئاوەکەدایە و هەروەهـا دەزانرێت قوڵایـی ئاوەکە چەندە.



هەموو ئەو زانیارییانە لەسەر مۆبایلەکە نیشـان دەدات. ئامێرەکـە هەتـا ٤٠ مەتـر قوڵایـی دەزانێت.. جگـە لەوەش ئەوکاتـەی کـە ماسـی بـە قولابەکـەوە دەبێـت بـە بەکارهێنەرەکـەی رادەگەیەنیَ کە ماسـییەکە قەبـارە و گەورەیی چەندە، کەشـوهەوای نـاو ئـاو چۆنـە و پێت دەڵێت ئایا ئـەم رۆژە گونجـاوە بـۆ ماسیگرتن یان نا..

## پرۆگرامێکی وەرگێڕانی بە سوود

پرۆگرامـە وەرگێڕانـەکان گەلێکـن، هەرچەنـدە تاکـو ئێسـتا پرۆگرامی بابلیۆن خۆی لە پێشەنگدا دەبینیَ، وەرگێڕی گوگلیش پڕکارترین و زۆرترین بەکارهێنەری هەیە..

ئەگەر پێویستت بە وەرگێڕێکی زۆر باشە و زۆربەی پرۆگرامە وەرگێڕانەکانـی دیکـە لـە خۆیـدا کۆبکاتـەوە ئـەوە پرۆگرامـی Qtranslate لـە ریـزی باشـتەکان دێـت، چونکـە پرۆگرامێکـی پیشـەییە و گونجاوتریـن وەرگێـڕان کـە دوور بێـت لـە وەرگێڕانـی ماشـێنی هەڵدەبژێرێـت. پرۆگرامەکـە قەبارەی زۆر گـەورە نییە و تەنیـا ١ مێگابایـت. گرنگـی پرۆگرامەکـە لەوەدایـە کـە لـە یەك کاتدا لە پرۆگرامە وەرگێڕەکانی بابلیۆن و گوگل و مایکرۆسۆفت وەردەگـریَ، کاتێـك رستەیەکی پـیَ دەدەی ئەگـەر هێڵـی ئینتەرنێـت ئۆنلایـن بێـت سـەر لـەو پرۆگرامانـەی ئاماژەمـان پێـدان دەدات و دواتـر گونجاوتریـن وەرگێڕانـت دەداتیَ.. لە یەك کاتدا دەتوانـیَ دەقـە وەرگێردراوەکـە لـە شـوێن دەقـە ئەسـڵییەکە دابنێـت، دەتوانێـت هەڵـە رێنووسـییەکانیش نەهێڵێـت و دەتوانێـت دەقـەکان بخوێنێتەوە.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێـك دەپرسـێت مـن باسـێکی زانکـۆم بـە پرۆگرامـی word نووسـیوە، بەڵام ژمـارەی پەراوێزەکانم نەخستۆتە ناو کەوانە ( ) ئێستا هەرچەندە دەکەم ناتوانم گشت ژمارەکان بخەمە ناو کەوانە چ بکەم؟؟**

خوێنـەری بەڕێـز دوگمـەی ctrl+H لێبـدە بـۆ ئەوەی کە پەنجەرەیـەك بکرێتەوە کە تایبـەت بە گۆڕینی وشـەیەك بە وشـەیەکی دیکە.. لەودا بچۆ سـەر بەشـی More و دواتر special فەرمانی mark footnote بۆ ئەو بەشـەی نیازت هەیە بیگۆڕی هەڵبژێرە، لە پەنجەرەی دیکە واتە بیکەی بە چی هەر بچۆ سـەر بەشـی special و فەرمانی find what text هەڵبژێرە و دوای ئەوە ئەو بەشـە بخە ناو کەوانەوە.. بە ئاسـانی جێبەجیَ دەبێت..






## ـــــــه چاخی بەستەڵەک

بە سـەرما و گەرما تێـك ناچێت.. كامێراكە جگە لـەوەی كـە بـە كەش و هەوا تێكناچێت ١٤ ملیۆن وێنـەش لـە خۆیدا خـەزن دەكات. ئەگـەر كامێراكە لـە بەرزایـی ١٠ مەتریش كەوتە خـوارەوە تێكناچێت... كوالیتی وێنەگرتنی فوول ئیچ دییە.



## دەستبەندێک بۆ لە خەو هەستانی خەوخۆشەکان

زۆر كەسـی وا هەیـە دەڵێـن ئەگەر تۆپیشـی لەبن گوێـی بتەقێنی لە خەو رانابێ، بەتایبەتی خەوی بەیانیان.. نەك بە كاتژمێر لە خەو هەسـتان و بەڵكو بە دەنگیش بانگیان دەكەی هەر رانابن...

دەسـتبەندێكی تایبـەت بـە خەوخۆشـەكان بەرهـەم هاتووە كـە ئەوان بە دەنگ وەبەخەر ناهێنێ بەڵكو شۆكێكی كارەباییان لێدەدا.. دەستبەندی جۆری shock clock تەزووی كارەبای هەیە و لەسـەرەتادا وەك هەموو كاتژمێرێكی دیكە زەنگی هۆشیاركردنەوە لێدەدات.. ئەگەر زانی گوێی پێنادرێ دەست دەكات بە شۆكێكی كارەبایی.



## سایتێک بۆ نیشاندانی فیلم

سـایتگەلێكی زۆر هـەن كـە ئەركیـان ئەوەیـە فیلـم نیشـان بـدەن و نوێترین هـەواڵ لە باری فیلمەكانـەوە بـاس بكەن.. یەكێك لە سـایتە سـەركەوتووەكان سـایتی http://agoodmovietowatch.com/ لـەم سـایتەدا سـێ رێـگا هەیـە بۆ باسـكردن لـە فیلمەكان.. بـە هەڵكەوت لەم بەشـەدا بەكارهێنەر بەهەڵكەوت فیلمێك هەڵدەبژێرێ.. لە بەشێكی دیكەدا نوێترین و باشترین فیلمەكان بـاس دەكات و لـە بەشـێكی تریانـدا بەپێی ویسـتی خـۆت و حەزت لە چ جـۆرە فیلمێكە لەو بوارەدا فیلم نیشان دەدات...